# سەرۆككۆمارە پەرجووەكە

ئەمجەد شاكەلی

تەلەڤزیۆنەكانی هەموو جیهان مەگەر تایبەت بێت بە گۆرانی و مووزیك و ئەوانە، وەك MTV، دەنا بە دەگمەن گۆرانییان تێدا پەخش دەكرێنەوە. ئەگەریش وەها كارێك بكرێت، ئەوا گواستنەوەی كۆنسێرتێكی تایبەتە یا بۆنەیەكە، كە پێوەندی بە ڕووداوێكی گرنگەوە هەیە، وەك خڕكردنەوەی پارە بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكی وەك ئەیدز یا شێرپەنجە یا بۆ كۆمەك بە منداڵانی ئەفریقا یا برسییانی فلانە وڵات و لێقەوماوانی فلانە زەویلەرزە یا هەر شتێكی خێرخوازانەی دیكە. تەنانەت كەناڵە عەرەبییەكانی هاوسێیەكانی كوردستانیش هەمان سیاسەتیان هەیە. تۆ ئەگەر تەماشای هەر چوار كەناڵە تەلەڤزیۆنە كوردییەكان بكەیت، جاری وا هەیە، هەرچواریان لەیەك كاتدا، گۆرانی پەخش دەكەنەوە و مووزیك لێ دەدەن. ئەوجا چ گۆرانی و مووزیكێكیش! زۆرجاران مرۆڤ تووشی دڵتێكچوون دەكەن. تۆ كە ئەوە دەبینیت، ئەوەت بۆ ساغ دەبێتەوە، كە كورد بەڕاستی لە شایی و هەڵپەڕكێ و چەقەنە زیاتر ئەگەر شتێكی دیكەیشی هەبێ، گەلێك كەم و گچكەن. تەلەڤزیۆنی كوردی، دەبوو هەر لە یەكەم ڕۆژی دامەزراندنیانەوە ئەوەیان بكردایەتە ئامانج، كە هەرچی وزە و توانستیان هەیە تەرخانی كەن بۆ بردنەپێشەوەی پرسی كورد و هاندانی خەڵكی كورد و جۆشدانی خەڵك كورد و هۆشیاركردنەوە و وەئاگاهێنانەوەی خەڵكی كورد، بۆ هەرچی زووتر گەیشتنە بە ئازادی و سەربەخۆبوونی كوردستان. دەبوو بۆ چركە كاتێكیش لە خەڵك دانەبڕێن و لەگەڵ ڕووداوەكاندا هەنگاو بنێن و پێش ڕووداو بكەون. دەبوو تەواوی پرۆگرام و بەرنامەكانیان، تەرخان بكەن بۆ چوونە نێو خەڵك و ڕاپرسی و گواستنەوەی دەنگی خەڵك بۆ یەكدی و بۆ دەسەڵات و گەرمكردنی دەمەتەقە و گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام و ڕەخنە و باسكردنی كێشە و گیروگرفتە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان و خوێندنەوەی بیروڕا جیاوازەكان و سەدان چالاكی دیكە، لێ ڕێك بە پێچەوانەوەیە، ئەوەی چاوێك لەو تەلەڤزیۆنانە بكات، زۆر باش ئەوەی بۆ دەردەكەوێت، كە ئەوان ئەو گیانە زیندوو و هەستە گەرم و هیوا گەورەیەی مرۆڤی كورد، گچكە دەكەنەوە و بە چەقەنە و مووزیك و سترانی ناكوردی و ناحەز دەیتاسێنن و دەیمرێنن. بێجگە لەوەش زۆرجاران دەبینیت سێیان یا دووان لەو تەلەڤزیۆنانە بە عەرەبی یا توركی یا توركمانی پەخش دەكەن، وەك ئەوەی بڵێی بینەری ئەو زمانانەیان گەلێك زۆر بن! ئەوەیە تەلەڤزیۆنی كورد!

*****

ئێستا كە دەنۆڕیتە میدیاكانی یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان، ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار و ... بە تایبەت دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی پۆستی سەرۆككۆماری عیراقی درایە، لە شاییگێڕان و گۆڤەند و كەیفكردن زیاتر شتێكی دیكەت كەمتر بەرچاو دەكەوێت. كاتی خۆی جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەی یەك مانگ سەرۆكی ئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراق بوو، لە لایەن میدیاكانی حیزبەكەی خۆیەوە هێندەی شایلۆغان بۆ كرا و هێندە باس كرا، كە سەری مرۆڤی كوردی پێ گێژ و هێڕ كرا. ئێستاكە بۆ ماوەی یەك ساڵ و كێ دەڵێ زیاتریش نابێت و هەندێكی دیكەیشی نادرێتە دەمەوە، دەبێ هەموو خەڵكی كورد خۆ ڕابێنن لە سەر ئەو هەراو و كەیف و شاییگێڕانە و ڕۆژانە و بێ وچان و پشوودان، تامڵی خۆیان درێژ كەن و هەواڵ و باسی جەلال تاڵەبانی ببینن و ببیسن و بخوێننەوە. میدیاكانی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، كە باسی جەلال تاڵەبانی دەكەن، بەڵێ بە سەرۆك مام جەلال و وەك سەرۆكی عیراق نێوی دەبەن، بەڵام لە ڕاستیدا وادەزانن باسی سەرۆكی كوردستان، یا یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان یا سلێمانی دەكەن. ئەوان ئەوەیان لەیاد چووە، كە تاڵەبانی ئێستاكە چەندە سەرۆكی بەسرە و دیوانییە و حلە و فەللووجە و بەغدایە، هەر

هێندەش سەرۆکی سلێمانی و کەلار و مەندەلی و ئامێدییە. میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، تەواوی ئەو بروسکە و نامەی پیرۆزباییانەی دەگەنە جەلال تاڵەبانی، یەک نە یەکیان دەخوێننەوە و پەخشی دەکەنەوە. تەواوی ئەو دیدار و ژوانانەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هەرکەسێکی دەرەکی و ناوەکیدا دەیکات و ئەنجامی دەدات، میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی دەیخوێننەوە و پەخشی دەکەنەوە. هەر کۆبوونەوەیەک و هەر دیدارێکی ڕۆژنامەوانی و هەر گوتەیەکی، کە جەلال تاڵەبانی دەیکات و دەیڵێت، میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی دەیڵێنەوە و پێشانی دەدەن و باسی لێوە دەکەن. میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی، ئێستاکە ڕۆڵی میدیاکانی عیراقیش ئەنجام دەدەن. جاران و تا پێش بوونی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆککۆمار باسکردنی چالاکی سەرۆککۆمار کاری ئەو تەلەڤزیۆنە عیراقییانە بوو، کە لە بەغداوە پەخش دەکەن. کارێک بوو پێوەندی بە کاروباری عیراقەوە هەبوو و پرسێکی عیراقییانە بوو، نەک کوردستانییانە، بەڵام ئێستاکە لەبەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆمارە، میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی ئەو پرسەیان کردووەتە پرسێکی کوردستانی. من پێموایە ئەگەر لەبری جەلال تاڵەبانی یا هەر کەسێکی دیکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر کەسێکی دیکەی کوردی سەر بە لایەنێکی دیکە یا بێلایەن، بکرابا بە سەرۆککۆماری نەک هەر هی عیراق، بەڵکە هی هەموو جیهان، میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرگیز بۆیان گرنگ نەبوو و بەم شێوەیەیان بۆ نەدەکرد و بەم جۆرەیان باس نەدەکرد، بەڵکە پشتگوێیشیان دەخست. جەلال تاڵەبانی ئەورۆ سەرۆککۆماری عیراقە و ئەویش یەکێکە وەک غازی ئەلیاوەر (غازی الیاور)ی سەرۆکی پێشووی عیراق. کە ئەلیاوەر سەرۆک بوو، میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی باسی نامە و بروسکە و دیدار و ژوانەکانیان نەدەکرد، ئێستاکە بۆ باسی ئەوانەی تاڵەبانی دەکەن!

*****

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەر بەوەوە نەوەستاوە، کە تەواوی میدیاکانی نێو وڵات بخاتە خزمەت سەرۆککۆماری عیراقەوە و خەڵکانی سەر بە خۆی لە باژێڕەکانی کوردستان هاندات بۆ شاییگێڕان، بەڵکە لە شارەکانی ئەوروپاش بەزمی جەژن و ئاهەنگ و شایی ساز دەکەن, بۆ ئەو چوونەسەرتەختەی جەلال تاڵەبانی. لە باژێڕەکانی سوێد، هۆڵاند، ئەڵمانیا، ئینگلستان و...خەڵکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خڕ دەکرێنەوە و بانگ دەکرێن و دەخرێنە شاییگێڕان و هەڵپەڕکێوە. ئەو خەڵکەش تەنێ هەڵپەڕکێی تێدا بێت، ئیدی سێودووی لێناکات و هیچ بیر لەوەش ناکاتەوە، کە بۆ هەڵدەپەڕێت! ئەگەر بەو پێوەرە بێت، کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پێی دەنۆڕێتە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماریی عیراق لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە، دەبوو عەرەبی سوننە و هۆزی شەممەریش، خورد و خەویان لە خۆ و لە هەموو جیهان حەرام کردایە و شەو و ڕۆژ شاییان بگێڕایە، کاتێک کە غازی ئەلیاوەر بوو بە یەکەم سەرۆککۆماری عیراقی دوای سەددام حوسەین، لێ وەهایان نەکرد!

*****

ئەوەی جێی پرسیار و سەرسووڕمانە ئەوەیە، کە هەندێک لەو نووسینانەی، لێرە و لەوێ لەمەڕ ئەو پرسەوە بڵاوکراونەتەوە و بڵاودەکرێنەوە، وای پێشان دەدەن، کە"گەلی عیراق شانازییەکی گەورەیان پێبڕا کاتێک کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی و رووناکبیری ئازادیخوازی وەک مام جەلال دەبێت بە سەرۆک کۆماریان...مام جەلال وەک ماندێلا، دەتوانێت ماناو ناوەڕۆکێکی نوێ بە پۆستی سەرکۆماری بدات و ئەم پۆستە بگۆڕێت بە کایەیەکی دیکەی داهێنان و گۆڕانکاری...هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عیراق لەو رووداوە گرنگانەیە کە دەتوانێت واقیع بگۆڕێت و حورمەتێک بۆ عەدالەت بگێڕێتەوە. دەتوانێت هیوایەکی نوێ بە کوردو گەلە بندەستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات و سەرەنجام ژیان جوانتر بکات...جەنابی وەک سیاسەتمەدارێکی رووناکبیرو بەئەزموون، کە هەموو ژیانی دژی ستەم و بۆ ئازادیی گەلەکەی تەرخان کردووە، دەتوانێت کۆمەڵی عیراق بە کولتوورێکی سیاسی نوێ ئاشنا بکات و کۆمەڵە

پرنسیپێکی سیاسی نوێ بۆ پێکەوەژیانی یەکسانانەو ئازادانەی گەلانی عیراق دابهێنێت "[1]. یەکێکی دیکە دەنووسێت:"هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق رووداوێکی مێژوویی کەم وێنەیە. لەماوەیەکی زۆر کورتدا، کێشەی گەلی کوردستان بۆ ئاستێکی جیهانی سەرنج راکێش پتر هەڵکشا...گەر ئەوان بزانن دانانی سەرۆکێکی کورد ولات لە گیانی جیابوونەخوازی و شەڕو شۆڕی ناوخۆیی دوور دەخاتەوەو ئاشتی و ئاسایش لەسەردەمی سەرۆکێکی کورددا سەقامگیرتر دەبێت، ئیدی ئەوان بۆ لە سێبەری فیدرالی و دیموکراسی بترسن؟...سەرۆک کۆمار رۆڵەی گەلەو یەکێکە لەوانەی شەوو رۆژ خەباتی لەپێناوی ئازادی و رزگاریدا کردووە. سەرۆک کۆماری پێشوو دیکتاتۆرو خوێنرێژو بکوژی بووە، سەرۆک کۆماری ئەمڕۆ خزم و هاوڕێ و هاوسەنگەرو ناسیاوە. پەیامێکی دیموکراتی پێیەو دەیەوێ مافە زەوتکراوەکان وەرگرێتەوەو خەون و ئاواتی شەهیدەکان بهێنێتە دی. خۆشی و شادی خەڵک((رێکەوت)) و ((رێکخراو)) و ((پلان بۆ دانراو)) نەبوو، بەشێوەیەکی سروشتی و خۆرسکی تەقیەوە. هەر لە زاخۆوە تا (ام قلر) و لە خانەقینەوە بۆ(گریبیل) شایی و هەڵپەڕکێ بووە بۆ ئەم هەڵبژاردنە...هیوادارم کوردەکانی دەرەوەی ولات زەمینە بۆ ئەوە ئامادەکەن نێوی بەڕێز مام جەلال لەسەر لیستی پالێوراوەکانی(خەلاتی نۆبل) بۆ ئاشتی ساڵی 2005 بێت، بۆ ئەو دەورەی لەماوەی پتر لەنیوسەدەداو بەتایبەتی لەرووخانی رژێمی پێشوو بەدواوە گێراویتی بۆ هێورکردنەوە بارودۆخی گرژو ئالۆزی سیاسی لەعیراق و ناوچەکەدا. ئەو کاتە ئەو خەلاتە رێزگرتنە لەکەسێک هەموو هێزو توانای بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان خستۆتە گەڕ.."[2].

ئەو نووسین و بۆچوونانە، کە تەنێ "سەرۆکمان زێرە"یان ناتەواوە، بێجگە لە پێشاندانی هەژاریی خەیاڵ و مەرایی و مامەحەمەیی، خۆدزینەوەیەکن لە گوتنی ڕاستییەکان و چاونووقاندنێکن لە دیرۆکی مرۆڤێک، کە نووسەرەکانیان لە ئێمەی خوێنەر باشتری دەناسن، لێ لەبەر هۆیەک یا هۆیەکی دیکە[3]، خۆیانی لێ نەبان دەکەن. مرۆڤ لەوە تێناگات، کە گەلی عیراق بۆچی شانازییەکی گەورەیان پێ دەبڕێت بەوەی، کە جەلال تاڵەبانی دەبێتە سەرۆککۆماریان! ئایا هەر بەڕاستی جەلال تاڵەبانی ئەو کەسایەتییە گەورەیەیە لە رووی سیاسی و ڕووناکبیرییەوە! ئایا هەر بە ڕاستی پیاوێکی هێندە ئازادیخوازە، کە هێندە جێی شانازیی خەڵک بێت! جەلال تاڵەبانی، ڕەنگە لە رووی سیاسییەوە لەوانەی دیکەی عیراقییەکانی دەوروبەری بڕێک بزێوتر و لەبەرچاوتر بێت، ئەویش بە هۆی ئەو هەڵبەز و دابەزەی، کە لە ژیانی سیاسیدا کردوویەتی و پێیدا تێپەڕیوە و بەوەش ڕەنگ و بۆیەکی داوەتە خۆی و کردەوەکانی و خۆی لەوانی دیکە جودا کردووەتەوە، بەڵام ئەمە هیچ کاتێک هی ئەوە نییە، شانازیی پێوە بکرێت. گەلێک گوناهە نێوی جەلال تاڵەبانی و ماندێلا بخرێنە ڕیزی یەکەوە و وەک یەک چاویان لێ بکرێت. ماندێلا، ئەگەر سەردەمی برەوی ئایین بووایە و بکرابا پایەی ئایینی ببەخشرێتەوە، دەبوو پلەی پیرۆزیی پێ ببەخشرایە و بخرایەتە ڕیزی فریشتە و پەیامبەر و پاکڕەوانانەوە، چونکە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئازادی و داد و یەکسانی گەل و وڵاتەکەی و مرۆڤایەتیی تەرخان کردووە. ماندێلا، خەڵاتی تورکیای وەرنەگرت و دایە دواوە، لە دژی سیاسەتی تورکیا لەهەمبەر کورد و گەلی کوردستان، لێ جەلال تاڵەبانی ئامادەیە شەووڕۆژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیادا بێت و بکاتەوە و هەمیشە لەنێو کۆڕی ئەواندا بێت. ماندێلا هەمیشە دژی چەوساندنەوە و چەوسێنەر بووە و هەرگیز پشتیوانی لە ستەم و دیکتاتۆران نەکردووە. جەلال تاڵەبانی، نەک بۆ خەڵاتێک، بەڵکە بۆ قەڵێک و پلە گۆشتێکی گەورە ئامادەیە هەموو سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و لە تەواوی پەیمان و بڕیاری خۆی پەشیمان ببێتەوە. جەلال تاڵەبانی بەوە ناسراوە، کە گەلێکی بۆ سەختە،

---

[1] د.ڕەفیق سابیر، سەرۆک کۆماری ئازادی، کوردستانی نوێ، ژمارە 3641 یەکشەممە 2005/4/10.

[2] فازڵ کەریم ئەحمەد(م. جەعفەر)، گرنگی و بایەخی هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بۆ سەرۆکایەتیی عیراق، کوردستانی نوێ، ژمارە 3651، پێنجشەممە 2005/4/21.

[3] "لغاية في نفس يعقوب"، واتە: بەهۆی مەبەستێکەوە، کە لە دڵی یەعقووبدا هەیە.

گوتار و هەڵوێست و دیدی سیاسیی خۆی "شەومەنە"[4] بکات. جەلال تاڵەبانی لاملی سەددام حوسەینی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژ و دڕندە و دەستی سەنعان قەسسابی کەونەبەعسی و تۆرانی و دوژمنی کوردی ماچ دەکرد. ئەوەی ئاگاداری دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆماری عیراقی ئێستا بێت، ئەوەی لەکن ئاشکرایە، کە سەرۆککۆمار کابرایەکی بێدەسەڵاتە و هیچی ئەوتۆی پێ ناکرێت و ئەو پۆستە تەنێ پۆستێکی ڕەمزییە، ئیدی جەلال تاڵەبانی چۆن دەتوانێت ئەو پۆستەی بگۆڕێت بە کایەیەکی داهێنان و گۆڕانکاری!. جەلال تاڵەبانی، ئەگەر لە سیاسەتدا کایەی داهێنان و گۆڕانکاری کردبێت، ئەوا داهێنان و گۆڕانکاری لە گۆڕینی خێرای دیتن و گوتار و هەڵوێستەکانیدا کردووە، کە هەمیشە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی پرسی گەلی کوردستانەوە بوونە. هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی وەک هەڵبژاردنی هەر سەرۆککۆمارێکی بێدەسەڵاتی ئەم جیهانە وایە و هیچ ڕووداوێکی گرنگیش نییە و هەرگیزیش ناتوانێت واقیعێکی بۆگەنی وەک واقیعی عیراق بگۆڕێت، چونکە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەدەست نییە و کە وایش نەبێت ئیدی چۆن حورمەت بۆ عەدالەت دەگێڕێتەوە! ئەو وەک سەرۆککۆمار پابەندی تەواوی قانوون و ڕێساکانی ئەو ڕێژیمەی عیراقە، کە هەموو جموجووڵێکی سنووردار دەکات و ڕێگەی ئەوەی لێدەگرێت هەر لە خۆڕا بتوانێت هەڵسوکەوت بکات. ئەوجا سەرۆکێکی بێدەسەڵات و گرێدراوی قانوونەکانی عیراق، کە تەنانەت تاڵەبانی بۆ خۆیشی بە وڵاتێکی عەرەبی دەژمێرێت، چ هیوایەک بە کورد و گەلە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات و دەبێ ئەو گەلە بندەستانە، چ دڵخۆشییەکیان بەو سەرۆکە هەبێت و ئەو سەرۆکە چۆن دەتوانێت ژیان لەو دەڤەرەدا جوانتر بکات! ئەمە تەنێ خەیاڵێکی خۆشە و خۆزگەیەکە و هیچی دی! ڕاستە جەلال تاڵەبانی پیاوێکی ئەزموونداره، بەڵام بەڕاستی هەموو ژیانی دژی ستەم و بۆ ئازادی گەلەکەی تەرخان نەکردووە. ئەوەی ئاگادارییەکی لە ژیانی جەلال تاڵەبانی هەبێت، دەزانێت، کە لە نێوان 1962 و مانگی شوباتی 1964دا لەگەڵ شۆڕشی کوردستاندا بوو، بەڵام ئیدی لە 1964 بە دواوە، هەمیشە ڕۆڵی سازکاری دووبەرەکی و لەتکردن و پارچەکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بینیوە. تەواوی هزر و سیاسەت و زانینی خۆی بۆ بەشینەوەی کورد و تێکدانی یەکڕیزی کورد تەرخان کردووە و بە کردار و ڕەوتار و گوتار لەگەڵ ستەم و دژی ئازادی گەلەکەی بووە. وەها مرۆڤێک چۆن دەتوانێت کۆمەڵی عیراق بە فەرهەنگێکی سیاسی نوێ ئاشنا بکات و چۆن دەتوانێت داهێنان بهێنێتە گۆڕێ بۆ پێکەوە ژیانی یەکسانانە و ئازادانەی خەڵک، لە کاتێکدا کە ئەو بۆ خۆی گیانێکی تێکدەرانەی هەبێت! هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆککۆماریی عیراق، بۆ دەبێ ڕووداوێکی کەموێنە بێت! تاڵەبانی، کە خۆی بە عیراقییەکی عەیار 24 دەزانێت، چ جیاوازییەکەی لە هەر عیراقییەکی تر هەیە تا هێندە کەموێنە بێت! ئەو لەگەڵ تەواوی ئەو عەرەبانەی، کە ئێستا لە سەر تەختی دەسەڵاتی عیراقن و لە پەرلەمانی عیراقدان و لە نێو حیزبە عیراقییەکاندا کار دەکەن، هیچ جیاوازییەکەی نییە، تەنێ ئەوە نەبێت، کە ئەو دەتوانێت بە زمانی کوردییش قسان بکات. هەرچی کێشەی گەلی کوردستانیشە، بە هۆی بوونی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆککۆمار، هەرگیز لە شوێنی خۆی نەجماوە و هەڵنەکشاوە و لە جاران زیاتر هەرگیز نەبووەتە جێی سەرنج و هەر لە شوێنی خۆیدایە. ئەگەر بە جەلال تاڵەبانییش بێت، پتر و پتر لە عیراقی نێزیک دەخاتەوە. عەرەب و عیراقییان، گەلێک باش لەوە تێگەیشتوون، کە تاڵەبانی لە خۆیان باشتر و جیددیتر و دڵسۆزانەتر، یەکیەتیی خاکی عیراقیان بۆ دەپارێزێت و لەوان عیراقیانەتر دەهزرێت و لەوان گەرمتر داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عیراق دەکات. جیابوونەخوازیی، وشەیەکە نەیارانی ئازادی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو بەکاریان بردووە و بەکاری دەبەن و کوردی پێ تاوانبار کراوە و دەکرێت. کورد بۆ خۆی ناڵێ: جیابوونەوەخوازیی. ئەوەی عیراقییان و عەرەب نێوی جیابوونەوەخوازیی لێ دەنێ، کورد بۆ خۆی پێی دەڵێ: ئازادی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. ئەوان(عیراقییان و عەرەب) لە باسی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان،

---

[4] واتە: ئەوەی کە شەو دەمێنێتەوە. لە گەرمێن بەو خۆراک و شیوەی پاشماوەی شەو دەڵێن"شەومەنە".

زەندەقیان دەچێت و لەوانە دەترسن، کە وەها باسێک دێننە گۆڕێ، لێ تاڵەبانییەکی خۆ بە عیراقی زان و داکۆکیکار لە عیراق و نەتەوەی عەرەب، هەرگیز "ئەوان" لێی ناترسن، چونکە ئەوان بە هی خۆیانی دەزانن. "ئەوان" لەو فیدرالییە نیوەچڵەش، کە تاڵەبانی و ئەوانەی وەک وی بیردەکەنەوە، باسی لێوە دەکەن، لەوەش ناترسن. هەر سەرۆککۆماری ئەمڕۆی عیراق بە تەنێ ڕۆڵەی گەل نییە، هەموو ئەوانی دیکەش، تەنانەت سەددام حوسەین و هاوڕێیانی ویش ڕۆڵەی گەلن. هیتلەر و ستالین و مۆسۆلینی و پینۆشێ و فرانکۆ و پۆڵ پۆت و هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی ئەم جیهانەش ڕۆڵەی گەلن و هیچ یەکێکیان لە ئاسمانەوە نەهاتوون و خەڵکی وڵاتێکی دیکەی غەیری وڵاتەکەی خۆیان نیین، بەڵام کە بوونەتە خاوەن دەسەڵات، ئیدی خۆیان لێ گۆڕاوە و کەوتوونەتە وێزەی خەڵک. هەموو دیکتاتۆرەکان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، زارۆکێکی گچکەی جوانکیلە بوونە و خۆشەویستی دایک و باوکی خۆیان بوونە و لە کۆڵان وازییان کردووە و کوڕی گەڕەک و هاوڕێی خەڵک و تاکێکی گەلەکەی خۆیان بوونە. تاڵەبانی، ئەگەر ساڵانێکی تەمەنی خۆی(تا ساڵی 1964) بۆ کوردایەتیی تەرخان کردبێت و خەباتی بۆ ئازادی و ڕزگاری کردبێت، ئەوا تەواوی ساڵانی دوای ئەو ساڵەی، بۆ تێکدانی یەکیەتیی کورد تەرخان کردووە. هەموو هەوڵ و کۆششێکی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و حیزبەکەی بووە و بۆ ئەو مەبەستەش پەنای وەبەر هەموو ئامراز و فڕوفێڵێک بردووە. ئەو سێودووی لەوە نەکردووە و لەوە نەسڵەمیوەتەوە، کە لە خزمەتی بیانیدا و لە سەنگەری بیانیدا، دژایەتیی شۆڕشی گەلەکەی بکات. دیارە ئەوە ڕاستە، کە سەرۆککۆماری پێشوو (سەددام حوسەین) دیکتاتۆر و خوێنڕێژ بووە، لێ سەرۆککۆماری ئێستاش(جەلال تاڵەبانی) فریشتە نییە. ئەگەر ژمارەیەکی تەواوی ئەو خەڵکانەی، کەجەلال تاڵەبانی لە ساڵی 1964 ەوە بووەتە هۆی کوشتنیان، لەبەردەستا بن، ڕەنگە خۆ لە سەدان هەزار کەس بدەن. تاڵەبانی، لەو ساڵەوە بە کردەوە ڕێبەر و سەرکردەی بەرەیەکی دژەشۆڕش بووە و لە نێوان 1964-1970 لەگەڵ لەشکری عیراقدا و بە چەکی حوکوومەتی عیراق و بە سواری تانک و هەلیکۆپتەری عیراقی، پێشمەرگەی کوردی دەکوشت و گوندی کوردستانی وێران دەکرد و دژی شۆڕشی کورد و خەڵکی کورد دەجەنگا و بە هەزاران کەس لەو جەنگانەدا کوژراون. تاڵەبانی و حیزبەکەی، هیچ حیزبێکی کورد نەماوە، کە پەلاماریان نەدابێت و لەگەڵیدا نەکەوتبێتنە جەنگەوە. پارتیی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، پاسۆک، پارتیی گەل، بزووتنەوەی ئیسلامی، حیزبی کمۆنیستی کارگەری و...زۆری دیکەش، نموونەیەکی ئەوانەن. جەنگەکانی پشتئاشان ئێستاش لە بیرگەی خەڵکدا زیندوون. کوشتارەکەی حوزەیرانی شاری سلێمانی، کە دەیان خەڵکی بێتاوانی تێدا شەهید کران. جەنگی براکوژەی 1994 و دواتر. تاڵەبانی، بۆ خۆی وەک ڕێبەری حیزبێک و سەرکردەی بزاڤێک و هێزێکی چەکدار، ئاگاداری کوشتنی هەزاران خەڵکی ساڵانی شەڕی چەکداریی چیایە، کە بێ پێزانینی وی، کوشتنیان ئاسان نەبووە، ئیدی بۆ دەبێ تاڵەبانی وەک فریشتە سەیر بکرێت!. وەدیهێنانی خەون و ئاواتی شەهیدەکانیش هەرگیز بە عیراقییاندنی باشووری کوردستان و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و بەهێزکردنی ناکرێت، کە تاڵەبانی خەباتی بۆ دەکات، بەڵکە بە خۆدوورخستنەوە لەو عیراقە دەبێت و بە خۆدابڕین دەبێت لێی و بە لاوازکردنی و ڕووخاندنی دەبێت. خۆشی و شادی خەڵک، کە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە پێشان دەدرێن و شایی و گۆڤەند و ئاهەنگگێڕانی خەڵک، ئەوانەی باشووری کوردستان و کوردانی دەرەوەی کوردستان، هەر هەموو ڕێکخراو و نەخشەبۆدانراو بووە و هیچی ڕێککەوت نەبووە. ئەو جۆرە چالاکییانە لە وڵاتی کوردستان و ئەوانەی وەک کوردستان، بە فەرمانی حیزب دەکرێت و دەسەڵات بۆ خۆی ڕێکخەریەتی. ئەو ئاهەنگ و بەزمەی سەرۆککۆماریی جەلال تاڵەبانی، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خۆی ڕێکخەریەتی و ئەوان بۆ خۆیان لە پشتییەوەن و سازی دەکەن. تەلەڤزیۆنەکەی خۆیان ڕاستەخۆ پێشانیان دەدات و ڕێکلامیان بۆ دەکات. داخوازی ئەوەی کوردانی دەرەوەی کوردستان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی نێوی کاندید بکرێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "نۆبێل"ی ئاشتی ساڵی 2005، بەڕاستی ئەگەر ئەو خەڵاتە بۆ خۆی واتا و بەهایەکی هەبێت، ئەوا داخوازییەکی سەیر و گاڵتەئامێز و

**مایەی پێکەنینە، بەڵام بۆ نا، کاتێک دەبینین، کە ئەو خەڵاتە خەڵکانی وەک "مەناحیم بیگن" و "ئەنوەر ئەسسادات" و "یاسر عەرەفات" و...وەری دەگرن، ئەودەمی کەسێکی وەک جەلال تاڵەبانییش دەشێ وەری بگرێت.**

*****

**جەلال تاڵەبانی، کەونە بەعسییەکی موخابەراتی ئەنفالکاری کوردکوژی عیراقی، وەفیق ئەسسامەڕائی(وفیق السامرائی) دەکاتە ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتمانیی خۆی و دەڵێت، کە ئەسسامەڕائی هەر لەو کاتەشدا، کە لە دەسەڵاتدا بوو لە نێو ڕێژیمی سەددام حوسەیندا، پێوەندی بە ئەوان و ئۆپۆزیسیۆنەوە هەبووە. تاڵەبانی، ناڵێت ئەگەر ئەسسامەڕائی ئەو پێوەندەی هەبووە، ئیدی بۆ ئەنفالی کوردی دەکرد! ئەگەر ڕاست بێت و پێوەندیشی بووبێت، ئەوا دیارە تاڵەبانی و حیزبەکەی تاڵەبانی ئاگادارییان لەمەڕ ئەنفالەوە هەبووە و هاوئاگەنگییەک لە نێوان ئەوان و ئەسسامەڕائیدا هەبووە. جەلال تاڵەبانی هەوڵدەدات بۆ ئەوەی عیراق بگێڕێتەوە بۆ ئامێزی وڵاتانی عەرەب، چونکە پێیوایە عیراق یەکێکە لەو وڵاتانە و دەبێ بچێتەوە نێویان. جەلال تاڵەبانی، پێیوایە بنبڕکردن و لەڕەگوڕیشەوە دەرهێنانی بەعس، کارێکی ڕاست نییە و دەیەوێت حیزبی بەعس زیندوو بکاتەوە و یەکەم سەردانی بۆ سووریا دەکات و پێیشیوایە، کە هەموو ئەندامانی حیزبی بەعس سەددامی نیین. ڕەنگە هەموو ئەندامانی حیزبی بەعس سەددامی نەبن، بەڵام هەموویان بەعسین و خاوەنی دید و بیروباوەڕێکی نەتەوەیی شۆڤینیست و دژە خەڵک و گەلانی ناعەرەبن. ئەوان ئەگەر سەددامیش نەبن، عەفلەقی، ئەسەدی، عەیسەمیی، عیززەتی، تاریقی، یا شتێکی دیکەن، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان بیرکردنەوەیاندا نییە و هەموویان لە یەک خانەدان. ئەوەی ئەورۆ لە عیراق و لە کوردستان ڕوودەدات، لە ڕفاندن و کوشتنی خەڵک و تەقینەوە و تێکدان و وێرانکاری، هەموو بە دەستی کەونەبەعسییان و بە پاشماوەی چەک و تەقەمەنیی لەشکرەکەی عیراقی بەعس ئەنجام دەدرێت. ئێستاش تەواوی کارگێڕی و دەسگاکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ڕێژیمی نوێی عیراق، تژین لە کەونەبەعسییان و هەر ئەوانیشن، کە دۆزی ئەو وڵاتە ئاڵۆزتر دەکەن. جەلال تاڵەبانی، پشتی سوننەی عەرەب، کە 83 ساڵ چەوسێنەری خەڵکی کوردستان بوون، دەگرێت و دەیانهێنێتە پێشەوە. جەلال تاڵەبانی، پێیوایە تورکمان لە هەموو خەڵکی دیکە زیاتر چەوساونەوە و مافیان خوراوە و ستەمیان لێ کراوە. جەلال تاڵەبانی، نایەوێ سەددام حوسەین، کە 182000 کوردی ئەنفال کردووە، 8000 بارزانی لەنێو بردووە، 20000 لاوی کوردی فەیلی کوشتووە، 5000 خەڵکی هەڵەبجەی گازباران کردووە و دەیان هەزاری دیکەی لێ بریندار و دەردەدار کردوون، 2000000 سەرباز و چەکداری لە جەنگی ئێران و کوردستان و کووەیتدا بە کوشت داوە، هەزاران شیعەی کوشتووە، لە سێدارە بدرێت. جەلال تاڵەبانی بەزەیی بە سەددام حوسەیندا دێتەوە، بەڵام بەزەیی بە شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجە و کوردانی فەیلی و بارزانییەکاندا نایەتەوە و لە کەس و خەڵکانی ئەو شەهیدانە ناپرسێت، کە چییان دەوێت و دەیانەوێ چی لە سەددام حوسەین و دەستەکەی بکرێت! جەلال تاڵەبانی، پێیوایە کورد سەربەخۆیی ناوێت و دەستبەرداری ئەو داخوازییە دەبێت، چونکە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی شتێکی دوورەدەستە و دراوسێیەکانی عیراق ڕێگە بە هەنگاوێکی لەو جۆرە نادەن و پێیوایە کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ڕاپرسی(ڕیفراندۆم) بە واتای داواکردنی سەربەخۆیی نییە. دیارە جەلال تاڵەبانی چاوەڕوانی ئەوەیە هاوسێیەکانی عیراق، تورکیا، سووریا، ئێران، ئوردون، کووەیت و عەرەبستانی سعوودییە، بانگهێشتنی کورد بکەن و پێی بڵێن: وەرن دەوڵەتی خۆتان ڕاگەیەنن و جاڕیی سەربەخۆیی کوردستان بدەن!. کورد ئەگەر بە تەمای ئەو هاوسێیانەی بێت، بە تایبەت تورکیا و ئێران و سووریا، ئەوا هەرگیز ڕزگاری نابێت و هەر بە بندەست دەمێنێتەوە. ڕزگاربوون و سەربەخۆیی و جاڕدانی ئازادی کوردستان، پێش هەر شتێک بە ئامادەکردنی خەڵکە بۆی. بە بارهێنان و جۆشدانی خەڵکە بۆی. بە بەردەوام دەنگبڵندکردنەوەیە بۆی. خڕکردنەوەی ئیمزای خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپرسیی، ڕێک پێچەوانەی قسەکەی تاڵەبانی دەگەیەنێت و واتای ئەوەی هەیە، کە گەلی کوردستان**

نەیانگەرەکە لەگەڵ عیراقدا بژین و بە عیراقەوە گری بدرێن. ئەو ڕاپرسییە دەنگی خەڵکی کوردە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. ئەوەی تاڵەبانی دەیڵێت، گاڵتەپێکردن و سووکایەتیکردنە بە خواست و ڕای گەلی کوردستان. جەلال تاڵەبانی و تەواوی ئەو کوردانەی، کە دڵیان بە عیراق خۆشە و وەدووی دەسەڵاتدا لە بەغدا غار دەدەن، دەبوو شەرمیان بەخۆیاندا هاتبا، کە ئێستا لە تەنیشت ئاڵای بەعسەوە دادەنیشن و قسان دەکەن. ئەو ئاڵایەی بەعس، کە لە پەنایدا ئەنفال و هەڵەبجە کراوە و سەدان هەزار کورد شەهید کراون و نیوەی کوردستان وێران کراوە. کورد پێش جەلال تاڵەبانی و هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە، سەدانی وەک تاڵەبانی و گەلێک لەو بەهێزتر و تواناتریشی لە بواری سیاسەتی عیراقیدا هەبووە و هیچ یەکێکیشیان کێشەی کورد و پرسی گەلی کوردستانیان هێندەی ڕێژەیەک نەبردووەتە پێشێ. هەر لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسەینیشەوە، هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عیراقە و کۆمەڵێکی دیکەش وەزیر و کارگێڕی کورد هەن لە دەسەڵاتداریەتیی عیراقدا، ئەوانەی پێش سەددام و زێباری و ئەوانەی دوای سەددام، چییان بۆ کورد کردووە، تاڵەبانیش هەر هێندەی پێ دەکرێت. ئەو کوردەی وەزیر و گزیر و کارگێڕ بێت لە عیراقدا، بە جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماریشەوە، مادام لە بەغدایە و بەشێکە لە دەسگای دەسەڵاتی عیراقی و بە نێوی عیراقەوە قسان دەکات و کار بۆ ڕێژیمی عیراق دەکات، ئەوا بۆ کورد هیچی پێ ناکرێت، لە بازنەی عیراقدا دەخولێتەوە و بە قازانجی عیراق و یەکیەتیی خاکی عیراق و یەکپارچەیی عیراق کار دەکات. ئێستا تاڵەبانی بەم پۆستە بێدەسەڵاتانەیەی خۆیەوە و بەو بیروباوەڕەیەوە، کە هەیەتی و بەو خەڵکەی، کە بە چواردەورییەوەن، دەبێ چی بۆ کورد پێ بکرێت! من پێموایە نەک هەر هیچی باشی پێناکرێت، بەڵکە زۆرجاران ڕیسەکە لە کورد دەکاتەوە بە خوری.

2005/4/27